# كوردو سەركردەی بڵح ...

## بورهان هەژار



لەوەتی مێژوو لەچاڵی جەرگی کورد ڕۆنیشتووەو تابە ڕۆژی ئەمڕۆمان دەگات، بە غەیری نشێویی و سەرگەردانی زیاتر هیچیدیکەی نەچنیوەتەوە بەتایبەتی لە سایەی رابەرە نەزانەکانییەوە، ئێدی هەر ساڵپار بوو لە کوورتە نووسینێکمدا بە ئاماژەپێدانی پەندێکی ئەڵمانی لەو نووسینەمدا کە وەشان بوو ئەو پەندەش دەڵێت :ـ( ئەگەرخوا بیەوێ سزای نەتەوەیەك بدا، ئەوا سەرکردەیەکی بڵحیان بۆ دەنێرێ )*..!

هەڵبەتە دەقاودەق بە درێژایی ئەو دیرۆکە نەگریسەی هەزاران ساڵی تەژیی لەنەهامەتیمان بەدەر نەبووەو هەردەم بەدەست کەم ژیریی و ناوەزیی سەرکردە بڵحەکانییەوە ناڵاندوویەتیی و تووشی داڕمان بووین و سەردەم و پێشاژۆکانی رابردووشمان گەواهی راستیی ڕووداوەکانن...

ئێدی چی لەوە نەگبەتیترو خاکەسارییە هەیە کە خوا، وێڕای ئەم هەموو قڕخستنە میللەتە، یەکێکی وەك جەلال تاڵەبانی بۆ بنێرێت و بۆ چرکە ساتێ چیە لە تەشقەڵەو سووکایەتی کردن بە بەها پیرۆزەکانی کوردەوە نەوەستێت و سیمای نەتەوەییمان بە قێزەوەنی لەهەمبەر دوژمنە سەرسەختەکاندا، سەرەوليژ نەخاتەروو..؟!

کێ دکارێ بە لۆژیك و بەڵگەی راستینەی زانستییەوە بۆمان بسەلمێنێت بەبارتاقای هەموو ژیانی خەباتی ئەم سەرۆکە بەڵایەی کوردی باشوورەوە لەوەتی زاوە، هەر ملکەچ و خزمەتکارەی دوژمنانمان نەبووەو گەردیلەیەك ڕووی شەرافەتمەندی بۆ نەتەوەکەی تۆمارکردووە ..؟!

ئاخر ڕووپەلەکانی گشت پێشاژۆکانی ژیانی هەر چەرمەسەریی و خلۆربوونەوە بوون و دروشمی( نەسرەووتن تا سەرکەوتن )هەڵخەڵەتاندنی میللەتێکی نەزۆك و دەماغسزبووە بۆ گەیشتنە مەرام و بەرژەوەندییە خودییەکانی، لەسەر پشتەملی چەماوەی میللەتی بەمێگەلکراودا، نەك گەیشتنە ترۆپکی سەرکەوتنی دۆزە ڕەواکانی کورد ...

ئەدی ئەوەنیە لەوەتی بۆتە سەرۆکی ئێڕاقی نوقمی فەسادو نیفاق ڕۆژنیە بە بەرچاوی ماسمیدیای جیهانییەوە سووکایەتی و نوکتەی هەزەلی بە نەتەوەکەی نەکات و کەللە قۆچ وەشێنەکانی تورك و فارس و عارەیان بە برای شیرییمان ناوزەند نەکات، ئێدی توخوا بەغەیری خۆفرۆشیی سەرکردەیەکی کورد زیاترلەم دنیایە بیستووتانە بێژێت:ـ( ئەوەی شەڕ لەدژی تورك بکات ئەوە خیانەت لە میللەتی کورد دەکات )بەڕاستی ئەمە شەرمە و تکانی خەجەڵەتەو، هەرگیز پێیناوترێ دیپلۆماسیەت..!

درووود بۆ گیانی بێکەسی نەمرکە وتی:ـ( هەزار ساڵ بکەی بێگانە پەرستی، دوایی هەر دێنی نشووستی ) تۆ بوان سەد هێندەیتر پشی پشی و مامە حەمەیی بۆ دوژمنان بکە، هێشتا هەر بەچاوێکی سووك و بێئەمەك تێتدەڕوانن، خوایدەکرد تۆش دەبوویتە پاڵەوانێکی گەمژەو دەغەزاری وەك نا سەلاحەدینی ئەیوبی و سەرتاسەر دەوڵەتی ئیسلامت بەرقەرار دەکرد

..ئەو پەیامە گلاۆەی مامە لەهەمبانە شڕەکەی ئالأوە لەمل شکاندن و بەنوغرۆچوونی میللەتی کورد زیاتر بە هیچ لایەکیتردا ناسەکنێ..ئاخر مامە رووی چەرمی مەلای خەتێ و هەموو مەلا بتلیسەکانیتری دیرۆکی دارمانی کوردی سپیتر کردۆتەوە کەس ناگاتەدامەنی گاڵتەجاڕییەکانی وی..ئەرێ ئەوە دەروێش و حوشترملەکانی چواردەوریی، چما تۆزقاڵێك شەرم لەو تەشقەلأنەی مامەکەیان ناسڵەمنەوە ئارەقەیان لێناتکێ کە هێندە باس لە( کوورتانیەتی )بکەن نەك کوردایەتی دەئاخڤن .. ؟!گەرلەسایەی ویدا نەبێت ئەم هەموو کەڵەگایی و ئاخووڕییە چیە بەهانای خەڵکەوە دەچێت ..وەنەبێت کاکەش لەو پاڵەوانتر بێت، لێ مرۆڤ دکارێ ئەوە بێژێت( ئەگەر کاکە خراپ، ئەوا مام جەلال خراپترین سەرکردەی بڵحە بۆ ئەم میللەتە دامەن رۆچووەی( دەستەئەژنۆ کەفزەنان )هاتووەو ئێدی بۆیەکا خواش هەردەم سزای نەتەوەی کورد دەدات لە باشوور..

*ئەو پەندە بە ئەڵمانی دەڵێت :ـ

*- Wenn Gott ein strafen will, dann schenkt er ihm einen dummen Herrn.